# "ئەمە لەریکەوتنی دوو حیزب زیاتر نی‌یە و هەروەك هەمان ئەو ریکەوتن نامانە وایە کەئیستالە نیوان حیزبەکانی عیراقی ئەمرۆی دوای داگیرکردن وجەنگ و تیرۆرو کاولکاریدا، دەچنەپیشەوە، بەبی ئەوەی هیچ یەك لەخواست وئاوات وبەرژەوەندی‌یەکانی خەلکیان لەخوگرتبیت، وەیا بوبیتە باسی نیو ریکەوتنەکانیان."

**گفتوگۆی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر لە گەل هاوری ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە.**

## سازدانی خەسرەو سایە

خ.سایە: هاوری ئەمجەد غەفور سەرەنجام رۆژی 21 ئەم مانگە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی یەکیتی وپارتی لەبەردەم پەرلمانەکەیاندا راگەیەندرا و ئەم رۆژەو ئەم بریارەیان بەرۆژو بریاریکی میژوویی ناوزەدکرد .. سەرەتا دەمانەوی بپرسین کەبەگشتی لەم رۆژەو لەم بریارەو بۆ گشت سیناریۆکە چۆن دەراونن و پێتان وایە ئەو هۆکارانە چین کەپارتی ویەکیتی بەم رۆژە وبەم هەنگاوەی گەیاندووە؟

ئەمجەد غەفور: یەکیتی و پارتی وەك دوو حیزبی ناسیونالستی میلیشیایی دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە، لە نیوان خۆیاندا بە گویرەی نفوزو تەوازنی هیزی سیاسیان کوردستانیان کردووە بە دوو بەشەوە، تا ئیستاش هەریەکەیان دەسەلاتی حیزبایەتی خۆی تیا بەریوە دەبات، بە ئارەزووی خۆیان بە بێ گویدانە دەورو چارەنوس و وەزعی ژیانی خەلکی، شەرو کیشمەکیشی سیاسیان پیادەکردووەو مایەی خولقاندی کارەسات و ناهەمواری و دەردی سەری بون. هەربۆیە پەرلەمان و وەزارەت و ئیدارەیان مەسەلەیەکی زۆر شکلی و نا پەیوەست بە وەزعی سیاسی وچارەنوسی خەلکی کوردستانەوە بووە، بگرە زۆرتر ئامرازێکی دەسەلات و پارە پەیداکردن بووە بە دەست حیزبەکانیانەوە، دەمەوێ ئەوە بلیم کە دوو ئیدارە یا یەك ئیدارە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێت، واقعیەتی مانەوەی دەسەلاتی حیزبایەتی و دابەشکردنی کوردستان لە نیو ئەو دوو حیزبەداو دەسەلاتی حیزبایەتی هەروەك خۆی دەمینیتەوەو بەردەوامی دەبێت، کوردستان بە دابەشکراوی لە نیوان دەسەلاتی حیزبایەتی یەکیتی وپارتیدا کۆنترۆل دەکریتەوە.

بە مانایەك کیشەی وەزعی سیاسی کوردستان لە سایەی دەسەلاتی پارتی و یەکیتیدا بونی دوو ئیدارەو یەك ئیدارە نییە، بەلکو بونی دەسەلاتی میلشیایی و ململانێ و شەری ئەو دووحیزبەیە، وتا دەسەلاتی حیزبایەتی و هیزی چەکدارو وەزارەتی "پێشمەرگە" بنەبر نەبێت، خەلکی کوردستان ناتوانێ بحەوێنەوەو جێگیری و ئارامی سیاسیش نایەتە ئاراوە.

واتە راگەیاندنی جەژن و مژدە بە خەلکی کە پاش 15سال دوو ئیدارەکە یەکی گرتەوە، ناوی دەنێن رۆژێکی میژوویی، نەجێگای خۆشحالیەو نە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەلکی و چارەنوسی کوردستانەوە هەیە، ئەمە ریکەوتنی دوو حیزب زیاتر نی‌یە و هەروەك هەمان ئەو ریکەوتن نامانە وایە کەئیستالە نیوان حیزبەکانی عیراقی ئەمرۆی دوای داگیرکردن وجەنگ و تیرۆرو کاولکاریدا، دەچنەپیشەوە، بەبی ئەوەی هیچ یەك لەخواست وئاوات وبەرژەوەندی‌یەکانی خەلکیان لەخوگرتبیت، وەیا بوبیتە باسی نیو ریکەوتنەکانیان.

زۆر ئاشکرایە کە هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوردستانی عیراق، لەسەر بنەمای وەزع وئەحوالی خراپترو ناجێگیری وەزعی سیاسی عیراقدا، لە سایەی دەوری ئەمریکا و کیشەو شەری حیزبەکان و نفوزی هیزە ئیسلامیەکاندا، لە ململانی لەسەر دەسەلات و زیاد کردنی نفوزی سیاسیان، لە ناچاریدا رووبەرووی ریکەوتنێکی لە چەشنی ئیستا بونەتەوەو ناوی دەنێن یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە، رۆشنە ئەم ریکەوتنە ناچارییەکە کە هەتا تەموح و ویست و خواستی ئەو دوو حیزبە خۆشیان نەبووە، لە ژیر کارکردی وەزعی سیاسی ئیستای عیراق و دانەبرانیان لە

**ئەمە لەریکەوتنی دوو حیزب زیاتر نی‌یە و هەروەك هەمان ئەو ریکەوتن نامانە وایە کەئیستالە نیوان حیزبەکانی عیراقی ئەمرۆی دوای داگیرکردن وجەنگ و تیرۆرو کاولکاریدا، دەچنەپیشەوە، بەبی ئەوەی هیچ یەك لەخواست وئاوات وبەرژەوەندی‌یەکانی خەلکیان لەخوگرتبیت، وەیا بوبیتە باسی نیو ر یکەوتنەکانیان.**

بەرژەوەندیەکانی دەولەتی ئەمریکاو دەسەلاتی مەرکەزیەوە ئەم ریکەوتنەیان ریك خستووە، چونکە لە چەند سالی رابردوودا سیناریۆی قین‌و رق‌و شەری دراندانەی نیوان ئەو دووحیزبەو جەردەیی‌وتالانی‌و گەندەلی ئەوپەری یانمان دیوەو لە بیرمان ناچنەوە. تەنانەت شارەزای هەلسورانی سیاسی‌و ئامانجی ناسیۆنالستی‌و پێشیل کردنی ئازادی سیاسی‌و ماف ئینسانیان هەین، ئەمانە بۆ یەك لە حزەش خۆیان بە بەرپرسیار لە بەرامبەر  خەلکی کوردستان‌و چارەنوسی کوردستاندا نەزانیوە ونایزانن و هەرچی لە بەرژەوەندی حیزبەکانیان‌و سەرانی حیزبەکانیان بووە جێبەجێیان کردووە، ئیتر دەبێت چ چاوەروانی‌و ئومیدیك بە ریکەوتنی دوو حیزب بە ناوی یەکگرتنەوەی ئیدارەوە مایەی خۆشحالیمان بێت، کە باشترین نمونەی بێ ئومیدی لەم یەکگرتنەوەیە، گریدانی چارەنوسی کوردستانە بە چارەنوسێکی تاریك‌و نارۆشن‌و پر کارەساتی وەزعی سیاسی عیراق‌و ریکخستنی لەنیودەولەتی مەرکەزی عیراقدا، کەلەسەر بناغەی دەستوریکی کۆنەپەرست ودژی ئینسانی عروبی ئیسلامی پیناسەی بۆکراوە.

خ.سایە: بەلام هەرچۆنیك بیت لەچاوی خەلکەوە ئەم یەکگرتنەوەیە ئەگەری شەری ناوخۆ لەکوردستاندا دەباتەوە دوواوە بەرەو یەکپارچەیی دەیبات، ئیوەلەسەرئەمە دەلین چی؟

ئەمجەد غەفور: چونە دواوەی شەری ناوخۆ لە کوردستاندا لە دەستپیشکەری‌و ئازایەتی ئەو حیزبانەدا نەبووە، بەلکو لە بن بەستی‌و بێ ئاکامی شەرەکەیان‌و کارەکتری تر هاتۆتە پیشەوە کە ناچاری راگرتنی شەر بون،  هەلبەتە بۆ خەلکی کوردستان باشترە ئەو شەرە نەبێت، بەلام بە بۆچونی من لە هەر ئالوگۆریکی تردا هیچ زەمانەتیك لە ئارادا نیە بۆ ئەوەی شەرەکەیان دووبارە دەست پێ نەکاتەوە، جگە لە مەش لەوانە ترسانکتر وەزعی نائارامی سیاسی‌و نەبونی ئەمنیەتی بەردەوامە لە عیراقدا، کە ئەو دوو حیزبەی کوردایەتیش بۆ خۆیان تەرفیکی ئەسلین لە خولقاندنی ئەم وەزعە نالەبارەدا، کە عیراقیان لەسەر تەقینەوەی بورکانی شەریکی قەومی‌و تایفی‌ودینی راگرتووە، واتە شەری ناوخۆی کوردستانیان راگرتووە، بەلام خەریکن خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ شەریکی گەورەترو ترسناك تر، ئەمە فەلسەفەی سیاسی‌و بونی هەلسورانی

**پیشتر ووتم ئەم ریکەوتنەشیان بە ناوی یەکگرتەوەی دوو ئیدارە، ئاکامی پروسەی شەر راگرتنکەیان نیە، بەلکو ناچاریەکە لە ئالوگۆری وەزعی سیاسی عیراقەوە سەرچاوەی گرتووە.**

سیاسی ئەو دوو حیزبە دەسەلاتدارەیە لە کوردستاندا، کە لە ناو کیشمەکیشی هیزە سیاسی‌و کۆنەپەرست‌و میلشیاییەکانی ئیستای عیراقدا، دەوریکی ئەسلی دەبینن لە بە دۆزەخ کردنی عیراقدا، واقعی کیشەکە ئەوەیە لە وجودی هەلسورانی ئەو هیزە سیاسیانە‌و هیزەکانی دەولەتی ئەمریکادا، نەخەلکی عیراق دەحەویتەوە نە کوردستان، ئەم یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیە ناتوانی ئومیدی یەکپارچەیی‌و ئارامی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا نیشان بدات، هەر بەو دەلیلەی کە هەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردایەتی بە دژی سەربەخۆیی کوردستانن، وە بەرگری لە دەستووری یەکپارچەیی عیراقێکی ئیسلامی‌و عروبە دەکەن.

خ.سایە: لەبارەی ئەم یەکگرتنەوەیەوە هەم تالەبانی وهەم بارزانی لەقسەکانیادا چەندین ئاماژەیان هینایە کایەوە، لەوانە دەلیین ئەم یەککرتنەوەیە کۆمەکدەکات بە گیرانەوەی ناوچە کوردنشینەکانی تر بۆسەر کوردستان لەنیویاندا شاری  کەرکوك و دەروبەری، هاوکات دەلین ئەم یەگرتنەوەیە دەسەلاتی کورد لەعیراق بەهیز دەکاو کۆمەك دەکات بە هینانەکایەوەی عیراقیکی فیدرالی راستەقینە.. ئیوە لەسەر ئەم قسانە چیدەلین؟

ئەمجەد غەفور: هەر بەو مانایەی کە من دەلیم، ئەمە ریکەوتن نامەی ئاشتی‌و وەختی ئەو دوو حیزبەیە، ئیتر قسەکانی بەرزانی‌و تالەبانی نە جیگای متمانەیە‌و نە دەبیتە مایەی خۆشحالی بۆ ئارامی سیاسی لە کوردستاندا، چونکە ریکەوتنی ئەو دوو حیزبە لە پەیوەند بە وەزع‌و چارەنوسی کوردستان‌و ئایندەو ژیانی خەلکیەوە نەهاتووەتە پیشەوە، تا ببێتە جیگا ئومیدی گیرانەوەی ناوچە کوردنیشنەکانی تر بۆ سەر کوردستان، بەلکو بۆ بەرژەوەندی حیزبەکانیانە لەدابەشکردنی بەشە تالانی‌و خەرجیك کە ئیستا دەولەتی ئەمریکا دەیکات بۆ نەخشە سیاسی‌و جەنگیەکانی لە ناوچەکەدا، هەر بانگەشەو گوتاریك سەرانی ئەو دوو حیزبە ئەیدەن بە گوێی خەلکیدا چەواشەکاری‌و ناواقعیە، گەر

**بە دوای هەلوەشانی حکومەتی عیراقدا  تالەبانی‌و بەرزانی هەر یەکەیان هاواری دەکرد "کەرکوك دلی کودستانە"، "کەرکوك قودسی کوردستانە"، بەلام هیندەی نەخایان، "یەکپارچەیی عیراق"و "دەولەتی ئیسلامی لە عیراق"و "عیراق بەشیکە لە وولاتانی عەرەبی" لە دەستووری عیراقدا قودسیەتی لای ئەو دوو حیزبە پەیداکردو پێی گەشانەوە، دیمان چۆن لیبراوانەو ئازایانە تەواوی ناوچە کوردنیشنەکانیان خستە  چوارچیوە ئەو دەستوورە کۆنەپەرستەوە، کەوتنە هەولدانیش بۆ رازی کردن‌وکیش کردنی خەلکی کوردستان تا دەنگدان بە دەستووری مەرگ بۆ سەبەخۆیی کوردستان بدەن.**

بیرتان بێت چۆن بە دوای هەلوەشانی حکومەتی عیراقدا تالەبانی و بەرزانی هەر یەکەیان هاواری دەکرد "کەرکوك دلی کودستانە"، "کەرکوك قودسی کوردستانە"، بەلام هیندەی نەخایان، "یەکپارچەیی عیراق" و "دەولەتی ئیسلامی لە عیراق" و "عیراق بەشیکە لە وولاتانی عەرەبی" لە دەستووری عیراقدا قودسیەتی لای ئەو دوو حیزبە پەیداکردو پێی گەشانەوە، دیمان چۆن لیبراوانەو ئازایانە تەواوی ناوچە کوردنیشنەکانیان خستە چوارچیوە ئەو دەستوورە کۆنەپەرستەوە، کەوتنە هەولدانیش بۆ رازی کردن‌وکیش کردنی خەلکی کوردستان تا دەنگدان بە دەستووری مەرگ بۆ سەبەخۆیی کوردستان بدەن.

راستیەکەی ئەوەیە دەبیت بێ گومان بین لەوەی کە کاتێ هەر نەخشەو پلان‌و سیاسەتیکی ئەو دوو حیزبە بەریوە دەچێت لە نێو کیشمەکیشی سیاسی نیوان خۆیان‌و هیزە سیاسەکانی تری عیراقدا، حەتمیە کە لە بەرژەندی خەلکی کوردستان نییە، وە رەجاوی ئایندەیکی رۆشن‌و سەرکەوتو بۆ خەلکی کوردستانی لی ناکرێت، شەرو ریکەوتنە بۆ دابەشکردنی بەرژەوەندی دارایی‌و نفوزی ناوچەیی‌و دەسەلات بۆ هیزەکانیان.

بەهیز بونی دەسەلاتی خەلکی کوردستان لەنێو ئەم جۆرە لە ململانێ‌و دەسەلاتی میلشیایی یەکیتی‌و پارتیدا نییە، بەلکو لە بەهیز کردنی بزووتنەوەی ئازادی خوازی خەلکی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان‌و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی سکولارو غەیرەقەومی، کە لە دەرەوەی دەورو نفوزی ئەو دوو حیزبەدا بەدەست دێت.

**خ.سایە:** هاوری ئەمجەد جگە لەم دەربرینانە بەتایبەتی بارزانی ئەو بۆچوونەی هینایەکایەوە کەئەم یەکگرتنەوەیە کوردستان بەرەو "کۆمەلگایەکی مەدەنی" دەباو هاوکاتیش خەلکی کوردستان دەخاتە ژیر سایەی دەسەلات و حکومەتیکی یاسایی و مەدەنیەوە و ئیتر بووار نامینیتەوە بۆ بالادەستی حیزبایەتی بەسەر خەلك و ئازادیەکانیاندا.. ئایا پیتان وایە ئەم یەکگرتنەوەیە "دەسەلاتیکی مەدەنی و پەرلمانی ویاسایی" لەکوردستاندا بهینیتەکایەوە بەوپیەی مەسعود بارزانی وادەی بۆدەدات؟

**ئەمجەد غەفور:** کۆمەلگای مەدەنی ئەو هیزە سیاسیانە ئەتوانن فەراهەمی بینن‌و بەرگری لێبکەن‌و دابینی بکەن، کە لە ئەسلەوە بۆخۆیان، هیزیکی سیاسی مەدەنی وئازادی خوازو ئینسان دۆست‌و رادیکال‌و پیشکەوتوبن، هیزیك بن دژی نەتەوەپەرستی‌و ئیسلامی سیاسی بن، دژی دەسەلاتی میلشیایی‌و تیرۆرو مافیایی بن، هەروەك پیشتر ئیشارەم پیکرد یەکیتی‌و پارتی دوو هیزی ناسیونالستی میلشیاین، بە گویرەی بەرژەوەندیەکانی ئیستایان سەرگەرمی خۆ تیکەل کردنن لەگەل کۆنەپەرسترین لایەنی سیاسی‌و پەیوەندیە عەشیرەتی‌و دواکەوتوەکانی ناو کۆمەلگەدا، ئەم دوو حیزبە، جگە لەوەی لە ریزی هیزە ئازادی خوازەکاندا نین‌و نەبون، هیچ کاتیش ئازادی سیاسیان نەپاراستووەو ناپاریزن، بە تەواوی هیزو توانایانەوە دەسەلاتی تاك حیزبی خۆیان پاراستوەو دەیپاریزن، میژووی هەلسورانی سیاسیان پرە لە تاوانکاری نائیسانی‌و پێ شیل کردنی سادەترین مافەکانی ئینسان، دژی یەکسانی ژنان‌و پیاوانن، خاوەنی هیزیکی میلشیایی دواکەوتوو دڕندەو ناحالین، وەك هیزیکی داپلوسینەر هەرکات پیوستیان بوو بە گژ خەلکیدا دەکەنەوە، ئاخۆ کۆمەلگەی مەدەنی لە سایەی دەسەلاتی دوو حیزبی لەم چەشنەدا دەبێت چ مانایەك ببەخشێ، ئایا دەسەلاتی یاسای ئینسانی ئەتوانی لەسایەی دەسەلاتی حیزبایەتی‌و قودسیەتی خانەوادەیی بەرزانی‌و سەرۆك کۆماری تالەبانیدا لە چ قوژبنیکی ئەم وولاتەدا بەریوە بریێت؟ ئەمە پرسیاریکی جدیە، کە تەنها نارەزایەتی‌و دەخالەت‌و دەورو هیزی یەکگرتووی جەماوەری خەلك ئەتوانی وەلامی بداتەوە.

**خ.سایە:** بەدوای ئەم بریارەو هەنگاونان بۆیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی یەکیتی وپارتی، خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان چۆن دەبینن؟ ئایا ئەم یەکگرتنەوە ئەم خواستەو ئەم ئامانجەی خەلکی کوردستان لەدەستور دەرناکیشی یالانی کەم نایباتە دوواوە؟

**ئەمجەد غەفور:** تا ترس‌و تارمایی دەسەلات‌و دەولەتی عروبی و ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا بەدی بکریت ،بەرپاکردنی رفراندۆم بۆ

> **خەلکی کوردستان دەبیت نەکەونە ژیر خەیال‌و خۆش باوەری بە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە، ئەوەی لە ئیستادا خەباتی خەلکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەباتە دواوە، خۆشخەیالی‌و ئومید بەستنە بەم ریکەوتنەی یەکیتی پارتی.**

سەربەخۆیی کوردستان ریگەی چارەی واقعی‌و عەملیە بۆ رزگاری خەلکی کوردستان، وە وەك ئامانجیك لە دەستووری خەباتی خەلکی کوردستاندا دەرناکیشریت‌و کەم نابێتەوە، خەلکی کوردستان تا لەناو سیناریوی تاریك‌و شەری ناوخۆی عیراقدا ژیان بەسەر بەرن ناتوانن بحەوێنەوە، ترسی داگیر کاری‌و دەردی سەری‌و نا ئارامی هەمیشە چاوەروانمان دەبێت، بۆیە کوردستان لەم هەلومەرجەدا هەر دەبێت

جیابێتەوە، گرفتەکەش لەوەدایە کە سیاسەتەکانی یەکیتی‌و پارتی لە چوارچیوەی عیراقیکی نائارام‌و نائەمن‌و کیژاودا یاری دەکات، بەرژەوەندی حیزبەکانیان لەو یاریەو لە نەخشەو سیاسەتەکانی دەولەتی ئەمریکادا دەبیننەوە، واتە ئەو دوو حیزبە بۆخۆیان بەشیکن لە ریگرتن بە خواستی سەربەخۆیی کوردستان، لە سایەی سیاسەتەکانی ئەو دوو حیزبەشدا چارەنوسی کوردستان نادیارو بێ ئومیدو پر دەردی سەریە، خەلکی کوردستان دەبیت نەکەونە ژیر خەیال‌و خۆش باوەری بە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە، ئەوەی لە ئیستادا خەباتی خەلکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەباتە دواوە، خۆشخەیالی‌و ئومید بەستنە بەم ریکەوتنەی یەکیتی پارتی.

**خ.سایە: کەوایە ئەم یەکگرتنەوەیە داهاتووی کوردستان بەرو کۆی دەبا وخەلکی کوردستان تاچەند دەتوانن بەرژەوەندی خویانی تیابدۆزنەوە؟**

**ئەمجەد غەفوور:** ئەگەر لەسەر ئەوە برابینەوە کە ئەم یەکگرتنەوەیە، بەرژەوەندی‌و ریکەوتنێکی ناچاری نیوان دوو حیزبی ناسیۆنالیستی میلشیاییەو هیچی تر، وە لە چوارچیوەی کیژاوی وەزعی سیاسی عیراق‌و نائەمنی‌و شەری قەومی تائفی‌و دینیدا مۆر کرابێت، ئاشکرایە داهاتوی کوردستان بەرەو چ تاریکستان‌و نالەباریەك کیش دەکریت، روبەروی چ مەترسی‌و سەر لیشیوایەکی تری دەبەن، لیرەوەیە ئەتوانم راشکاوانە رایگەینم کە خەلکی کوردستان ناتوانن بەرژەوەندی خۆیانی تیا پەیدا بکەن‌و بدۆزنەوە، جگە لەوەش ئەوەی رۆشنە 15 سالە ئەم دوو حیزبە لە ریکەوتندا بوبن یا لە شەردا بوبن، هەر سیناریویەکیان بەرێ خستبێ لە جۆری هەلبژاردنەکان‌و رفراندۆم بۆ دەستوورو پیك هاتنی پەرلمانی کارتۆنی، یەك زەرە لە دەسەلات‌و کەلەگایی حیزبەکانیان نەهاتونەتە خوارێ، دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی حیزبایەتیان بەسەر ژیان‌و گوزەران‌و چارەنوسی خەلکیدا سەپاندووە، ژیانی خەلکیان لە کوردستان پێ لە قالب داوەو ناویان ناوە "ئەزمونی دیموکراتیەت"، دەبیت دەسەلاتی حیزبایەتی کۆتایی پێ بهینریت‌و ریگە بکریتەوە بۆ دەورو دەخالەتی راستەوخۆی خەلکی لە دەسەلاتی سیاسی‌و دیاری کردنی چارەنوسی خۆیاندا، بەرژەونندی خەلکی کوردستان کۆتایی دەسەلاتی حیزبایەتی‌و دەوری هیزە میلشیایەکانە، وە دابین کردن‌و پیادەکردنی دەسەلاتی خەلکیە.